# گفتوگۆییەك لە گەڵ نووسەری جیهانی ( وڵ سۆینکا)

## جەلال بەرزنجی

لە ژمارە06/7/168 ی گۆڤاری(تایم)ی ئینگلیزی

کردویەتی بە کوردی



وڵ سۆینکا تەمەنی 71 ساڵەو یەکەمین نووسەری ئەفریقا بوو ساڵی 1986 خەڵاتی نۆبلی بۆ ئەدەب درایێ , سۆینکا 20 شانۆگەری و حەوت رۆمان و چەندەها کۆمەڵە شیعری بڵاو کردۆتەوە دوا بەرهەمیشی یادەوەری خۆییەتی لە ژێر تایتلی ( دەبێ ئێوارە برۆم) سۆینکا لە ساڵی 1997 سەرۆکی پەرلەمانی نووسەرانی دنیا بوو . لەساڵی 2000 زانکۆی ئەلبێرتا لە کەنەدا داوەتی کرد بۆ قسەکردن لە سەر ئەدەب و سیاسەت و ئەزموونی خۆی , رۆژنامەکانی ئیدمنتۆن بە مانشێت بە پاڵەوانی دیموکراسیەت پێناسەییان کرد , هەرچەندە ئەوکات زۆر نەبوو لە کەنەدا بووین بەڵام من و سەباحەت تاهیر هەڵماندا چاومان پێی بکەوێت و لە دانیشتنەکەماندا لە گەڵی باسی کوردو ئەدەبی کوردیمان بۆی کرد , ئەویش نیگەرانی خۆی بۆ ئەم کارەساتانە دەر بڕی کە بە سەر کورد هاتووەو بەشێکی خستە ئەستووی نەتەوە یەکگرتووەکان وکۆمەڵگای نێو نەتەوەی .

**پ/ بۆچی بڕیارت دا یادەوەری نوێی خۆت بنووسیتەوە ,چی لێ فێر بوویت؟**

**وەڵام/ ئەمە پرسیارێکی باشە , بەراستی حەزم نەدەکرد ئەم یادەوەریانەم بەم شێوە یە بنووسمەوە کەنووسیم , بەڵام ئەمە گرفتی نووسەرانە , من ئەوە فێربووم کە قەت بایۆگرافی پشتەوەی تەمەنیکی خاوێن نەنووسمەوە , کە ئەویش دەربارەی ئەمەیە.**

**پ/ پێش حەوت ساڵ نایگیریا گەڕایەوە بۆ دیموکراسیەت , ئەی ئیستا چۆنە؟**

**وەڵام/ حەز دەکەم بڵێم زۆر باش بوو , چونکە لەم پرۆسێسەدا کۆمەڵگای سیڤیل زۆر بەهێز**

بوو ,کۆمەڵگای سیڤیل لە ژێر رژێمی عەسکەرتاریا لە رەوشێکی خراپ دا بوو , من پشتیوانیم لە خولقاندنی جەستەیەکی روو لە نە روخان دەکرد کە خەریك بوو بە هێواشی و ترسناکانە بروخێت, ئیستا لە رووی گوزەران و هەست کردن بە لێپسراویەتی رەوشەکە رووی لە باشییە.

پ/ تا ئێستا زۆر رەخنە لە سەرۆکی نایگیریا (ئۆلسیگۆن ) ناگری بۆ؟

وەڵام/ لە دەورەی دووەمی حوکم کردنی سەلماندی کە ناتوانی دەست بەرداری کەسیەتی عەسکەرتاری نا جەماوەری خۆی بێت ئێمەش ناچاربووین دژایەتی بکەین , بە تایبەتی کە ویستی خۆی بۆ دەورەی سییەمیش ئامادە بکات و دەیویست دەستووری وڵات بە دەر بێت لە پرنسپلەکانی دیمکراسیەت و بەوەش دەبێتە نەیاری دیموکراسیەت

. پ/ توندو تیژی لە نیگیریا ی بە نەوت دەوڵمەند رووی لە زیاد بوونە , تۆ چۆن ئەم گرفتە چارەسەر دەکەیت ؟

وەڵام/ رەوشی نایگیریا وەك دارفور یان کۆنگۆ نیە بەراستی وەك عیراقیش نیە . من قەناعەتم هەیە .کەوا.......... هەندێك کەسی ناو حکوومەت هەوڵی باش کردنی رەوشەکە دەدەن و من هەست دەکەم چانسەکان باشن بو چارەسەر کردنەوەی ئەگەر لە ماوەی ساڵێکیش دا بێت . .

پ/ بە درێژای ژیانت رەخنەت لە حکوومەتەکان گرتووە , بۆ هەوڵ بۆ نووسینگەی بەڕیوەبردنی نادەیت؟

وەڵام/(پێکەنی) سیاسەت , من هەست دەکەم ( فول تایم) مونۆپۆڵ کردنی سەرۆکی پێشو (ڤەسیللڤە) دەبووایە ئەم بڕیارە بدات کە بردیە لایەکی تایبەت , بڕیارەکانی منش بردمیانە لایەکی ئۆپۆسیت , لێم گەرێ با من هەموو ئیشە بە گرفتەکان منبیتن کەم. .

پ/ نیگیریا وڵاتێکە لە سەر نەوت دەخەوێ و تا ئیستاش ژیانی لە ژێر دەستی دیکتاتۆرەکان بەسەر دەبات ئەمە بۆ؟

وەڵام/ ((یوهینە)( گیاندارێکی گۆشت خۆرە )دەیەوێ ددانەکانی لە گۆشتی پیس بوو گیرکات . بۆشی زەحمەتە لێی دوور کەوێتەوە , ئەمش وەك هیزی ئەم نوقلە رەشەیە کە ئەو منداڵان ناتوانن لیکی بۆ بووەستێنن من لەوقەنەعاتەم نایگیریا گەر نەوتیشی نەبووایە وڵاتێکی زۆر پێشکەوتوو دەبوو ,من حەزم نەدەکرد بۆنی دووکەڵی نەوتم بکردبایە.

پ/ ئەمڕۆ لە بەڕلین لە بارەی  حیکمەتی باپیرەت قسەت بۆ لاوان کرد , کەپێتی گووت بوو قەت لە شەڕدا رامەکە , ئایا هیچ هویەك هەبوو ئەم ناو نیشانەت هەڵبژارد تا لە ئەورپا قسەی لە سەر  بکەیت؟

وەڵام/ ئەمە حیکایەتە , بەراستی ئەوەی لە سودان روودەدات لە زەینمدایە , کەسیەتی حکوومەتی سودان نەیتوانی سنوورێك بۆ رێسیزم دابنێ وە هەروەها لاوازی یەکییەتی ئەفریقا و نەتەوە یەك گرتوەکانیش دووهۆکاری تر بوون بۆ ئەم رەوشەی ئەوێندە ر.

پ/ کەواتە ئەمە لاوازی نەتەوە یەکگرتووەکان دەر دەخات؟

وەڵام/ یاداشتێکی نەتەوە یەکگرتووەکانم لە بیرە  دەڵێ"ئەمە مەسەلەیەکی خێزانیە وئێمە لە نێوان خێزانە ئەفریقیەکان چارە سەری دەکەین"من بڕوام بە مەسرەتی عەشایگەری وکۆن وخێلەکیانە نیە و زۆر لە کۆنەوە بڕوا بەو چارەسەریە خێلەکیانە نەماوە .

پ/ ئیسلامی فەندەمەنتەلیزم بە ئەفریقادا بلاو بۆتەوە, تۆ هەست دەکەیت گرفتەو دەتوانین شتێکی لەبارەوە بکەین؟

وەڵام/  ئەمە کیشەی هەموو جیهانە, ئێمە پێویستمان بە هوشیار کردنەوەهەیە  لە گەڵ دەستوورێك لە سەر بناغەی سکۆلاریزم(علمانیەت) و کۆمەڵگایەك کەس تیایدا ئاینەکەی خۆی لە ئاینی ئەوی تر بە باشتر نەزانێ , کە دەستوور نووسرا گوایە دەستوورێکی ئاوابێت , بەلام زۆر بە راکشاوی پشتی بە شەرعەتی ئیسلام بەست. (ئۆلیسگون) بە چوار پەل کەوتە ئەم چاڵە ئەم کابرایە رێنیشان دەرێکی کەنەفت و نەخۆش بوو.

پ/ ئێستا جامی جیهانی لە شاری بەڕلین دەکرێت ناچیت بۆ سەیر کردنی؟

وەڵام/ نەخێر , من حەزم لە ئاشتی و ئارامی یە  لە هەر کوێەك   دەستم کەوێ .